# پێناسەی (الملائكة)

# وبنەمای درستكردون وسیفات وهەندێک لە تایبەتمەندیەكانی

[ kurdish – كوردی – كردي ]


كۆمەڵێک لەزانایان

وەرگێڕان وپوخت كردنی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الملائكة: أصل خلقتهم وصفاتهم وبعض خصائصهم ﴾

« باللغة الكردية »


جماعة من العلماء

ترجمة: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# پێناسەی (الملائكة)

## وبنەمای درستكردون وسیفات وهەندێک لە تایبەتمەندیەکانی

### پێناسەکەیان :

الملائكة : كۆی ( ملك ) ە كە لەووشەی ( الألوك ) واتە : پەیام وەرگیراوە .

ئەم فریشتانە دروستكراوێكن لەدروستكراوەكانی خوای گەورە كە لاشەیەكی نوورانی ناسكیان هەیە كە توانای ئەوەیان هەیە كە خۆیان بگۆڕن و شێوەی خۆیان بەشێوەیەكی جوان ورێزدار بخەنە سەر وێنەی شتانی تر، وهێز ودەسەڵاتێكی گەورەیان هەیە بۆ ڕۆشتن وهاتن، ئەم فریشتانە ژمارەیان زۆر زۆرە وهیچ كەسێك جگە لەخوای گەورە ژمارەیان نازانێت، وە پەروەردگار هەڵی بژاردوون بۆ بەندایەتی وبەجێهێنانی فەرمانەكانی خۆی، وە بەهیچ شێوەیەك بێ فەرمانی و سەرپێچی خوای گەورە ناكەن و ئەوەی فەرمانیان پێ دەكرێت بێ كەم وكورتی هەمووی جێ بەجێ دەكەن .

### فریشتەکان لەچی دروستکراون ؟

نوور ئەو مادەیەی كە خوای گەورە فریشتەكانی لێ دروستكردووە، فعن عائشة (رضي الله عنه ) قالت : قال رسول

الله ( صلى الله عليه وسلم ) : « خلقت الملائكة من نور، وخلق الجان من مارج من نار، وخلق آدم مما وصف لكم » {صحيح مسلم بەژمارە (2996)} واتە : عائیشەی دایکی باوەڕداران ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا ( صلی الە علیە وسلم ) فەرموویەتی : فریشتەکان لە نوور دروستکراون، وە جنۆکەکانیش لە گڕ وبڵێسەی ئاگر دروستکراون، وە ئادەمیش لەوە دروستکراوە کە بۆتان باسکراوە - واتە لە گڵ - .

## صیفاتی فریشتەکان :

دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خودا ( صلی الله علیه وسلم) باسی صیفاتی فریشتەکان و هەقیقەتیان دەکەن، لەو دەقانەیش :

لەقورئاندا بەوە وەصفکراون کە زۆر بەهێزن وتوند وتیژن، وەك دەفەرموێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَـٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ ﴾ {التحريم :6} واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و ماڵ ومنداڵتان بپارێزن لەئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی لاشەی خەڵك وبەردە، ئاگرێك کۆمەڵە فریشتەیەك سەرپەرشتی دەکەن زۆر توند وتیژ وبەهێزن ودڵ ڕەقن .

خوای گەورەیش لەوەصفی جوبرەئیلدا ئەفەرموێت :   ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ ﴾ {النجم :   5} واتە : جوبرەئیلی زۆر بەتوانا ( پێغەمبەری ) فێری کردووە.

هەروەها فەرموویەتی :   ﴿قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٍ ﴾ {التكوير : 20} واتە : جوبرەئیل خاوەنی هێزو دەسەڵاتە لای خاوەنی عەرش وفریشتەیەکی پایەدارە.

هەروەها وا وەصفکراون کە لاشە وجسمێکی گەورەیان هەیە، لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لەفەرموودەیەکی عائیشەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە ئەڵێت : سألت النبي ( صلى الله عليه وسلم ) عن معنى قوله تعالى   ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ ﴾ {التكوير :5} فقال : « إنما هو جبريل لم أره على صورته التي خلق عليها غير هاتين المرتين رأيته منهبطا من السماء سادا عظم خلقه ما بين السماء إلى الأرض »   {صحيح مسلم بەژمارە (177)} واتە : پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت :   ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ ٱلۡمُبِينِ ﴾ {التكوير :  5} ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئەوە جوبرەئیلە کە لەسەر ئەو شێوەیەی لەسەری دروستکراوە نەمبینی، جگە لەدوو جار نەبێت کە بڵاو بوویەوە بەئاسماندا ولەگەورەی خۆی نێوان ئاسمان وزەوی گرتبووەوە .

ئیمامی ئەحمەدیش لە عبد اللە ی کوڕی مەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، ئەڵێت : « رأى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) جبريل في صورته، وله ستمائة جناح، كل جناح منها قد سد الأفق يسقط من جناحه من التهاويل والدر والياقوت ما الله به عليم » {مسند الإمام أحمد (395/1) و (294/6)} واتە : پێغەمبەر (صلى اللە عليه وسلم) جوبرەئیلی لەسەر شێوەی خۆی بینیوە، کە شەش صەد باڵی هەبووە، هەموو باڵێکی ئاسۆی ئاسمانی گرتبوو، کە لەباڵەکانیەوە دوڕ ومرواری یاقوت ئەکەوتە خوارەوە، ئای خوای گەورە چەند زانایاە پێی . حافظی ابن کثیر ئەڵێت : سەنەدی ئەم فەرموودەیە سەنەدێکی باشە .

وروي أبو داود من حديث جابر بن عبد اللە (رضي اللە عنهما) أن رسول اللە ( صلى اللە عيه وسلم) قال : « أذن لي أن أحدث عن ملك من ملائكة الله من حملة العرش، إن ما بين شرحمة أذنه وعاتقه مسيرة سبعمائة عام» {سنن أبي داود: ( 96/5) بەژمارە فەرموودەی (4727)} واتە : ڕێگام پێدرا کە باسی یەکێك لەو فریشتانە بکەم کە عەرشیان هەڵگرتووە، بێگومان نێوان نەرمەی گوێی هەتا گەردنی حەوت سەد ساڵ ڕۆژە ڕێیە .هەیثەمی لە کتێبی (المجمع) دا ئەڵێت پیاوانی سەنەدی ئەم فەرموودەیە پیاوانێکی سەحیحن .

فریشتەکان جیاوازیان هەیە لەشێوەی دروستکردن و توانایانەوە، چونکە هەموویان لەیەك پلەدا نین، هی وایان هەیە دوو باڵی هەیە، هی واشیان هەیە سێ باڵی هەیە، هەندێکی تریشیان چوار باڵی هەیە، وە هەیشیانە کە شەش صەد باڵی هەیە، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت :
﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ ...﴾ {فاطر : 1} واتە : سوپاس وستایش بۆ خوایە، کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، فریشتەکانی کردووە بە فرستادەی خۆی کە خاوەنی چەندەها باڵن، هەیانە دوو، یان سێ، یان چوار باڵە، لە دروستکردندا هەرچی بوێت زیادی دەکات .

یەکێکی تر لە صیفاتی فریشتەکان ئەوەیە زۆر جوان وشۆخ وشەنگن لەوپەڕی ڕازاوەییدان، خوای گەورە لەبارەی جوبرەئیلەوە ئەفەرموێت : ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ (٥) ذُو مِرَّةٖ فَٱسۡتَوَىٰ﴾ {النجم:5-6} واتە : جوبرەئیلی زۆر بەتوانا (پێغەمبەر) ی فێری کردووە (5) خاوەن مەتانەت لە ژیریی و هۆشدا ، جا لەسەر ئەو شێوەیەی خوا دروستیکردووە زۆر بەرێك و پێکی وەستاو خۆی نیشاندا (6) .

ابن عباس (خوايان لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : مەبەست لە (ذو مرة) ئەوەی کە ڕواڵەتێکی جوانی هەیە، قەتادەیش ئەڵێت : خاوەن باڵایەکی بەرزی جوانە .

خوای گەورە لەبارەی ئەو ئافرەتانەیشی کاتێك یوسف پێغەمبەریان بینی ( علیه السلام) دەفەرموێت : (فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ) {یوسف:31} واتە : ئینجا هەر کەیوسف هات و دیتیان، بەشتێکی گەورەو بێ وێنەو دڵڕفێنیان دانا، ئیتر حەپەسان و مەست و حەیران بوون، و چاویان تێ بڕیی و ئاگایان لەخۆیان نەماو، دەستی خۆیانیان بڕی، و وتیان: پاك و خاوێنی هەر بۆ خوا، (بەڵێ ئەو ڕستەی (حاش لله)یە لەکاتی شتی سەرسوڕهێنەردا لەناو عەرەباندا دەوترێ) بێگومان ئەم لاوە ئادەمیی نییە، کە ئەوەندە جوانە، ببێ و نەبێ ، ئەمە هەر فریشتەیەکی قەشەنگ و خاوەن ڕێزە .

ئەمەیان بۆ ئەوە ووت چونکە لای تەواوی خەڵکی ئەوە جێگیر بووە کە فریشتەکان دروستکراوانێکی زۆر جوانی خوای گەورەن.

یەکێکی تر لە صیفاتی فریشتەکان ئەوەیە ئەم فریشتانە زۆر بەڕێز وچاکەکارن، ئەوەتانێ خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿بِأَيْدِي سَفَرَةٍ (15) كِرَامٍ بَرَرَةٍ﴾ {عبس : 15 -16} واتە

: (ئەم قورئانە) بەدەستی فریشتە نووسەرەکانەوەن ( 15) کە بەڕێزو پلە بەرزو فەرمانبەردارن، واتە: ئەو ئامۆژگارییانە کە پەیامبەران ئەیکەن- لەنامەیەکی بەرزی، بڵوندی، پاك لەهەر ناتەواوییەك ، وە لەدەست ئەو فریشتانەوە وەری دەگرن کە وەحیی و سروش دێنن بۆلایان .

هەروەها لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ (١٠) كِرَامٗا كَٰتِبِينَ ﴾ {الانفطار : 1- 11} واتە : دەستەیەك لە فریشتەی چاودێر و پارێزەرتان لەسەر دانراوە، هەرچی بکەن ئەینووسن (10) ڕێزدارانێکی نووسەرن .

لەصیفەتەکانی تری فریشتەکان ئەوەیە : زۆر بە شەرم و شکۆ وبەحەیان، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەربارەی عوسمانی کوڕی عەفان فەرموویەتی : « ألا أستحي من رجل تستحي منه الملائكة » {صحیح مسلم بەژمارە ( 2401)} واتە : ئایا من چۆن شەرم لە پیاوێك نەکەم کە فریشتەکانیش شەرمی لێ دەکەن .

یەکێکی دیکەش لە صیفاتەکانیان ئەوەیە : خاوەن زانست زانیارین، خوای گەورە کاتێك لەگەڵ فریشتەکان گفتوگۆی کرد پێی فەرموون : ﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ {البقرة: 30} واتە : خوای گەورە فەرمووی بێگومان ئەوەی من ئەیزانم ئێوە نایزانن.

پەروەردگار لەم ئایەتەدا زانست وزانیاری بۆ فریشتەکان جێگیر وثابت کردووە، هەروەها زانست وزانیاریشی بۆ ذاتی خۆی جێگیر کردووە کە فریشتەکان نایزانن و بێئاگان لێی .

خوای گەورە لەبارەی جوبرەئیلیشەوە فەرموویەتی : ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ ﴾ {النجم: 5} واتە : جوبرەئیلی زۆر بەتوانا (پێغەمبەر) ی فێری کردووە، ئیمامی طەبەری لەم بارەیەوە ئەڵێت : جوبرەئیل (علیە السلام) ئەم قورئانەی فێری موحەممەد (صلی اللە علیە وسلم) کرد، ئەمەیش ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە جوبرەئیل خاوەنی زانست وزانیاریە .

ئەمەو چەند صیفاتێکی تری گەورە وچەند ڕەوشتێکی جوانتر کە لەقورئان و سوننەتدا بۆ فریشتەکان بڕیاردراوە، کە بەڵگەن لەسەر بەرزی وبڵندی پلەوپایەیان سەلامی خوایان لێ بێت ..

**تایبەتمەندیەکانیان :**

فریشتەکان (سەلامی خوایان لێ بێت) هەندێك تایبەتمەندی و صیفاتی خۆیان هەیە کە پەروەردگار تایبەتی کردووە بەئەوانەوە و نەیداوە بەهیچ کەسێکی تر لە جنۆکە ومرۆڤەکان و تەواوی دروستکراوەکانی تریش، لەو تایبەتمەندیانەیش :

جێگاو لانکەی فریشتەکان لە ئاسمانەکاندایە، لەوێیشەوە دائەبزن بۆ سەر زەوی بۆ جێ بەجێکردنی ئەو فەرمانانەی کە

لایەن خوای گەورە پێیان دەسپێررێت بۆ جێ بەجێکردنیان لەناو دروستکراوەکانیدا، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ ﴾ {النحل : 2} واتە : بەفەرمانی خۆی فریشتەی وەحی (جبریل) بەسروش و وەحیەوەو بە فەرمانی پەیامبەریەتیی، دەنێرێ بۆ سەر هەرکەسێك لە بەندەکانی کە خۆی بیەوێ و بەشیاوی بزانێت.

وە فەرموویەتی : ﴿وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ۖ﴾ {الزمر : 75} واتە : ئەی موحەممەد دەبینی کە فریشتەکان بەدەوری عەرشدا هەڵقەیان داوە وسەرگەرمی تەسبیحات وذیکر ویاد وسوپاسی پەروەردگارن .

وعن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : « يتعاقبون فيكم ملائكة بالليل، وملائكة بالنهار، ويجتمعون في صلاة الصبح وصلاة العصر، ثم يعرج الذين باتوا فيكم فيسألهم الله وهو أعلم بهم كيف تركتم عبادي؟ فيقولون: تركناهم وهم يصلون، وأتيناهم وهم يصلون » { صحيح البخاري، بەفەرموودەی ژمارە ( 555) وصحيح مسلم، بەفەرموودەی ژمارە ( 632)} واتە : هەندێك لە فریشتەکان بەشەو چاودێری وبەدواداچوونی کارەکانی ئێوە دەکەن، وە هەندێکی تریان بەڕۆژ ئەم کارە دەکەن، لە نوێژی بەیانی و عەسردا کۆدەبنەوە، ئەمجا ئەوانەی کەبەشەو مابوونەوە بەرز

دەبنەوە بۆ ئاسمان و خوای گەورە لێیان دەپرسێت کە خۆی زیاتر لەوان شارەزایە، ئایا بەندەکانی منتان چۆن بەجێهێشت؟ لەوەڵامدا ئەڵێن : بەجێمان هێشتن خەریکی نوێژکردن بوون، کاتێکیش ڕۆشتین بۆلاین هەر خەریکی نوێژکردن بوون.

دەقەکان لەم بارەیەوە زۆرن و لەم دەرفەتەدا هەر ئەوەندە دەتوانین بیخەینە بەردەستی ئێوەی بەرێز چونکە کارێکی ئاسان نییە هەر هەموویان باس بکەین .

یەکێکی تر لەتایبەتمەندیەکانیان ئەوەیە کە ئەم فریشتانە بە (مێینە) وەصف ناکرێن، خوای گەورە لەم بارەیەوە بەرپەرچی بێباوەڕەکانی داوەتەوە کاتێك فریشتەکانیان بە (مێینە ) ناو دەبرد، وفەرموویەتی : ﴿وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَـٰدُ ٱلرَّحْمَـٰنِ إِنَـٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ شَهَـٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴾ {الزخرف : 19} واتە : ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای بەخشندەن بێباوەڕان بەمێینەیان دادەنا، ئایا ئەوان بەدیاری دروستکردنیانەوە بوون بێگومان ئەو شایەتی یانەی دەنوسرێت و پرسیاریان لێ دەکرێت .

وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ لَيُسَمُّونَ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ تَسْمِيَةَ ٱلْأُنثَىٰ﴾ {النجم:27} واتە : بێگومان ئەوانەی باوەڕیان بەپاشە ڕۆژ نیە و پێیان وایە زیندوو بوونەوەو لێپرسینەوە نیە، ناوی مێینە لە فریشتەکان دەنێن ! واتە: ئەڵێن فریشتە کچی خوان .

وه لەتایبەتمەندیەكانی تری فریشتەكان ئەوەی ئەم فریشتانە لەهیچ شتێكدا سەرپێچی خوای گەور ناكەن، وه بەهیچ شێوەیەك تاوان و گوناهـ ناكەن، بەڵكو خوای گەوره وای دروستكردوون كه هەمیشه سەرگەرمی بەندایەتی و گوێڕایەڵی خۆی بن، هەروەك لەبارەیانەوه فەرموویەتی : ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ {التحريم: 6} واته : فریشتەكان سەرپێچی ئەو فەرمانانه ناكەن كه خوای گەوره فەرمانیان پێ دەكات، وه ئەوەیشی فەرمانیان پێ دەكات جێ بەجێی دەكەن.

وه یەكێكی دیكەش له تایبەتمەندیەكانی فریشتەكان ئەوەی هەرگیز ماندوو نابن له پەرستنی خوای گەوره وتووشی وەڕسی نابەن، خوای گەوره لەم بارەیەوه فەرموویەتی : ﴿وَمَنْ عِندَهُۥ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ ﴿١٩﴾ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ ﴾ {الانبياء : 19 - 20} واته : ئەوانەش كه لای ئەون (واته: فریشتەكان) لەپەرستنی ئەودا خۆ بەزلزان نین، و هەرگیزیش ماندوو نابن و، هەمووكات و ژیانیان هەر بۆ خواپەرستییه( 19) بەردەوام به شەو و بەڕۆژ هەر تەسبیحات و پاكانه ئەكەن و هیچ كات دەست هەڵناگرن و، بەڵكو هەردەم تەسبیحی دەكەن . (20)

لەئایەتێك تردا ئەفەرموێت: ﴿فَإِنِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمۡ لَا يَسۡـَٔمُونَ ﴾{فصلت :38} واتە : ئەمجا ئەگەر ئەوان (ئەو بێباوەڕانە) لەخۆبایی بوون، کڕنووش بەرن بۆ خوای گەورە، بابزانن ئەو (فریشتانە) ی کە لەنزیکی پەروەردگارتەوەن، شەوو رۆژ هەر تەسبیحاتی ئەو ئەکەن وە هیچ کات لەکاری خۆیان ماندوو و وەڕەز نابن.

ئەمانەی کە باسکران کۆمەڵێك تایبەتمەندی فریشتەکان بوون کە خوای گەورە تایبەتی کردوون بە ئەوانەوە ونەیداون بەهیچ یەکێکی تر لە جنۆکە ومرۆڤەکان، هەر چۆنێك بێت ئەبێت ئەوە بزانین فریشتەکان جۆرە دروستکراوێکی تر خوای گەورەن، کە لە دروستکردن وپێکهاتەیان زۆر جیاوازن لەجنۆکە وئادەمیزاد، هەروەك چۆن هەریەك لە جنۆکە و ئادەمیزاد تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە و جیاوازە لەوی تر، خوای گەورەش زانا وشارەزاترە ...